# 30 گوڵان هەڵگری پەیامی رزگاری لە بندەستییە

**سالار حیسامی**

**لە پاش کۆماری کوردستان هەتا دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان (ruk)، داخواز و دروشم و ئامانجی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی بندەستی ئێران لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی(خودموختاری) تێنەدەپەڕی. حیزبە سەرانەرییەکانیش بە بیانووی جۆراوجۆری (انفصال طلب)، (تجزیە طلب)، (اتحاد پرولێتاریای جیهانی) و بە تاوان زانینی خواستی ناسیونالیزمی و کوردایەتی، دانیان بە مافە رەواکانی کوردا نەدەنا و هەتا پێیان بکرابا بەرتەسکیان دەکردەوە و دەیانخستە پەراوێزەوە. ئەوەش بۆشاییەکی هەرە دیار و زەقی لە جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست کردبوو. بۆیە لەوە زیاتر لە نەدەکرا سەرلە سەر سەرینی خۆزگە دانبرێ و هەموو شتێ بە قەدەر بسپێردرێ. دەبوا یەکێ یان دەستەیەك ئەو سامە بشکێنی و خۆی لە قەرەی ئەو بارە قورس و گرانە بدا و شان بداتە ژێر باریی داخوازە راستە قینەکانی گەل.**

**ئەو دروشمانەی هەڵقوڵاوی ناخی ویست و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستانە لەت لەت کراوەکەمان بوو، کەس هەڵگریی نەبوو.**

**شەهید سەعیدیەزدانپەنا و پۆلێ لە هاوڕێ و هاوباوەڕانیی، بە دەرکی ئەو بۆشاییە هەستیارە لە جوولانەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، بە مێتودێکی نوێ و دروشمێکی تازە و بیرێکی نەتەوەییەوە، ئاسۆیەکیان کردەوە و رێکخراوێکی تەواو کوردستانیان بە ناوی "یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان" دامەزراند.**

**دامەزرانی (ruk). توانی کەلێنێکی گەورە لە بزاڤی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستاندا پڕ بکاتەوە و لەو رێگاشەوە ئەدەبیاتی سیاسی لە کوردستانی بندەستی ئێراندا وەرچەرخانێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. واتە مەتەرێزێکی نوێ بۆ بە هێزکردنی هەست و هۆشی نەتەوەیی و تێکۆشان بۆ رامالینی هێزەکانی داگیرکەر لە دایکبوو.**

به دامەزرانی ruk نەسڵی جەوان سەلماندی کە وەك سامانێکی مەعنەوی وماندوو نەناس، توانای ئەوەی هەیە لە هێڵی ڕێبەرایەتی سیاسیدا خۆی تاقی بکاتەوە خاوەن داهێنان بێ و بوێری و شەفافیەتی هەڵوێستی سیاسی پەرەی پێدرا و تریبوونێ درووست کرا کە تێیدا کورد تەعبیر لە خواست و ئاواتەکانی بکا و داوا ڕەواکانی بدرکێنێ و پلان و بە رنامەی رزگاری خۆی باس بکا. Ruk ڕێگای بۆ فرەرەنگی سیاسی و"پۆلۆراڵیسم" هەموار کرد و لە دژی دوو قوتبی کردنی کوردستان ڕاوەستا و لەقاوی دا.

پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، هەڵکردنی ئالایکوردستان، فیدرالیزم وەك کەمترین داواکاری کورد بۆ دەسەڵاتی سیاسیخۆی, سەربەخۆیی وەك ستراتیژی دیاریکراو, پێکهێنانی بەرەی گەلان و...تد ئەو دەستە واژە و چەمکانەن کە Ruk هێنایە نێو ئەدەبیاتی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین Ruk بوە هەڵگریی پەیامێکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد و شانی دایە ژێرباریی دروشم و داخوازە رەواکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی وڵاتدا .

کوردیی بێدەوڵەت و بندەست، بە هەموو شێوازێکی دژی مرۆڤایەتی چەوساوەتەوە و دەچەوسێتەوە. کوردستان بە دەوڵەتگەلێکەوە بە زۆرە ملی بەستراوەتەوە کە تێیدا کورد کوژی باوە، بە دڕندانەترین شێوازەکان، کورد دادەپڵۆسن و لە سەروەت و سامانی دادەماڵن و بە دواکەوتوویی و چارە ڕەشی هێشتوویانەتەوە. سەدان پەرتووك و هەزاران بڵاوکراوە بە چڕ و پڕیی باسی جنیایەتەکانی داگیرکەرانی کوردستانیان کردووە. بە بۆنەی ئەو هەموو غەدر و تاوانەی کە لە کورد کراوە هەر حیزب و ڕێکخراوێکی کوردستانی و هەرکەس و تاقمێ، بە هەر ناوێك و بە هەر بیانوویەکەوە بیەوێ، شتێ کەمتر لە سیستەمی فیدرالی بۆ دەسەڵاتی سیاسی کورد و حکومەتی کورد دەستنیشان بکا, ئەوە خەیانەتە بە دوو ملیۆن قوربانی و خوێنی گەشی سەدان هەزار شەهیدی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان, چونکا کورد بە بێ دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی و بە بێ کیانێکی خۆ ماڵی و سەر بەخۆ، هەرگیز گەشە ناکا.

**لاری لە مافی چارەی خۆ نووسینی کورد کە دەگەڵ جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا هیچ ناتەبایی‌یەکی نیە و پێشێل کردنی ئەو مافە لە لایەن هەرکەس و هەر تاقم و لایەنێکەوە، تەنیا تەعبیر لە نیەت خراپی و شووینیسمی کورد کوژ دەکا و هیچ پاساوێ هەڵناگرێ.**

**کاربەدەستانی ئێران هەتا پێیان کرا سەرکردەکانی سیاسی کوردیان تیرۆر کرد و دواتریش رێگاکانی پەرتەوازەکردنی شۆڕشی کوردیان گرتەبەر و بۆ ئینشعاب و لێکترازاندنی ریزەکانی خەباتگێڕان هەتا ئێستاش پیلانی بۆ دەگێڕن و کاریی بەردەوامی بۆەکەن.**

**لە رۆژهەڵاتی کوردستان, بست بە بستی شوێنەواری خاکی کورد لە لایەن مافیای بەردەستی‌کوڕی رەفسەنجانی‌یەوە هەڵدەکەندرێ و ئاسەواری کەونی بن عەرز کە ناسنامەی مێژوویی و فەرهەنگی و کەلتووریی شارستانیەتی کورد پێکدێنێ، پڕیی پێدا دەکرێ و دێزە بە دەرخوونەی دەکەن! رۆڵەکانی کورد راپێچی سیاچاڵەکانی زیندان دەکرێن و لە هەر شوێنێ بۆیان بلوێ و بە بیانووی جۆراوجۆرەوە فیشەك بارانیان دەکەن. داگیرکەرانی کوردستان چیدی ناتوانن کورد قڕان بکەن و دنیا دەنگی خۆی خستۆتە پاڵ دەنگی هەقبێژانەی کوردەوە.**

**لەم سەردەمە هەستیار و حەسساسەدا، نابێ کورد لە دیپلوماسی سیاسیدا، لە داواکردنی مافەکانی خۆی پاشگەز بێتەوە. سەردەمی ژنۆسایدی کورد و چاخی بنبڕکردنی بە سەر چووە. کورد بووەتە وەزنەیەکی قوورس و جێگا متمانەی رەوتی سەقامگیر کردنی دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوە ژیانە و لەوێڕا کە ئازاری بندەستی چێژتووە، ئازاریی بە هیچ کەمایەتییەکی نەتەوەیی وهاونیشمانی خۆی ناگا و بە پێچەوانەوە لێبڕاوانە خزمەتیان دەکا. ئەزموونی حکومەتی کوردستان لە باشووری وڵاتدا باشترین بەڵگەیە و نموونەی تاقیکراوەیە.**

**کورد لە سەر خاکی خۆی و لە ژێر ئاڵای خۆیدا داوای ئەو مافانە دەکا کە لێی زەوت کراوە، هەبوویەتی و لێی سەندراوە. بەڵام داگیرکەرانی کوردستان نە تەنیا هیچ مافێکی**

نەتەوەیی‌یان بە کورد ڕەوا نەبینیوە بەڵکوو هەردەم شەڕیان پێ فرۆشتووە. ناو و ناوبانگی شێر و خەنجەری کورد و جەنگاوەرییەکانی بە بۆنەی دڕندەیی داگیرکەرانی کوردستانەوە بووە. دەنا کورد عەوداڵی کالان کردنی خەنجەرو کۆتایی شەڕو خوێن ڕژتنە.

تویکڵ و کاکڵی خەباتی کورد، خەباتی رزگاری نیشتمانی‌یە و هەرگیز داوای شتی ناڕەواو زێدە خوازی نەکردووە ونەتەوەیەکی دیکەی نەخستۆتە ژێر هەرەشەی پەلامار و داگیرکەری.

بۆ گەلی کوردی بێدەوڵەت و وڵات داگێرکراو، مافی دیاریکردنی چارەنووس و ڕامالینی هێزی داگیرکەر و دامەزرانی دەوڵەتی خۆماڵی،مافێکی سروشتی و ئینسانی و حەقیقەتێکی فیکری و سیاسیە.

پاراستنی زمان، مێژو، کەلتوور و خاکی خۆی، مافی خۆیەتی. بۆیە جارێکی‌تر بە بیانووی پڕوپووچی پاراستنی تەواوییەتی وڵات، جیابوونەوە و ... کڵاوی ناچێتەسەر و خۆی بەخەڵکی وڵاتی چەپ و راست و ناوەند نازانێ. کورد, خەڵکی وڵاتێکی داگیرکراوە بە ناوی کوردستان و خەبات لەپێناوی رزگارکردنی وڵاتی داگیرکراودا، پرنسیپێکی سیاسی و کاکڵێکی دیموکراتیکی هەیە و هەتا گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد و سەر بەخۆ، کوردایەتی ئامانجی دوور و نزیکیەتی.

ئەگەر لە رۆژهەلاتی کوردستان پێشەنگێ بۆ ویست و داخوازی نەتەوەیی نەبووە کە زمانحاڵی هەموو ئاوات و خواستەکانی کورد بێ و راشکاوانە و لێبڕاوانە خەباتی بوو بکا، ئەوە 14 ساڵی رەبەقە کە RUK نوێنەرایەتی ناسیونالیزمی کورد دەکا و دەگەڵ هەست و هوش و بیری نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێراندا، گرێی خواردووە و ئێستا پێگەیەکی دیاری هەیە و بووەتە زمان حاڵی شەفاف و ئاشکرای داواڕە واکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی وڵاتدا بە ئالاّی کوردستانەوە دێنە سەر شەقامەکان ، ئاواتەکانی کورد لەو کەرتەی کوردستانە لەت لەت کراوەکەماندا بە دامەزرانی (ruk) درکاوە و هیوا دەوڵەمەند بوە و رزگاری لە بندەستی و چەپۆکخۆری زۆر نزیك بۆتەوە.
(ruk) بۆنی هەناسەی نەتەوەکەی خۆی کرد و عەتریی خواستەکانی ئەوانی بلاّو کردۆتەوە.
بۆیە پێویستە هەموو چین و توێژە کانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەنگی خۆیان بخەنە پال دەنگی داهێنەرانی RUK وقۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵن بۆ ڕاماڵینی داگیرکەر وبۆ گەیشتن بە ئازادی کورد و رزگاری کوردستان، ئیرادەی خۆیان یەکبخەن.
لە کۆتایی دا هەزاران سلاّو لە رێبەری نەمرمان کاك سەعید یەزدانپەنا و هەموو شەهیدانی 14 ساڵی رەبەق خەبات و تێکۆشانی داهێنەرانەی (ruk) و سەرجەم شەهیدانی بزافی رزڤاریخوازی نەتەوەی کورد.
پیرۆز بێ 30 گولاّن رۆژی شۆڕش و بەرخۆدان و فیداری
ruk2691@yahoo.com